پاش دار بەڕوو و توانایەکی بە هێزی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دۆخی نالەبار وەك ووشکە سـالّی، بەرز بوونەوە و نزم بوونەوەی پلەی گەرما، ڕەشە با، خاکی نالەبار، بریندار بوون، و ئەو جۆرە درەختە ژمارەیەك بەرهەمی لاوەکی (فوائد الثانوية) هەیە و بنێشت یەکێکـە لـەو بەرهەمانـەی بازرگـانی پێوەدەکرێت و سەرچاوەیەکی ئابووری دانیشتوانی ئەو ناوچانەیە کە ئەو جۆرە درەختەی لیّ یە. وە لە هەمان کات دا یەکێکە لە پیشە و نەریتە کۆنەکانی گەلەکەمان و بۆ ڕێکخستنی سوود وەرگرتن لەم دارە بۆ مەبەستی بەرهەم هێنانی بنێشت ئەم ڕێنماییە دەرکرا.

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە :** 10207 **لە** 2014/12/16

پالّپشت بە مادەی (3) لە یاسای وەزارەتی کشتوکالّ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (6)ی سالّی2010 وە بەمەبەستی ڕێگە پێدان بۆ بازرگانی کردن بە کەل و پەلی کشتوکالّ وە پێدانی ڕاوێـژکاری زانـستی و سەردەمیانە لە لایەن نوسـینگە کشـتوکالّیەکان بـە بەرهەمهێنـەرانی هـەرێمی کوردسـتان ئـەم ڕێنماییانەی خوارەوە مان دەرکرد:-

**ڕێنمایی ژمارە ( 7 )ی سالّی 2014**

**ڕێنمایی کردنەوەی نوسینگەی بازرگانی کردنی کەل و پەلی کشتوکالّی و نوسینگەی ڕاوێژکاری کشتوکالّی**

**ماددەی ( 1 ) : مەرجەکانی کردنەوەی نوسینگەی فرۆشتنی کەل و پەلی کشتوکالّی .**

1. دەبێت تایبەتمەند بن بە فرۆشتنی قڕکەرەکان و پەینی کیمیاوی و ئامێری کشتوکالّی و یەدەکی پێویست و تۆی (سەوزە ومیوە) و پێداویستی هەنگ وە بە هیچ شێوەیەك نابێت مەوادی ئاژەڵی بفرۆشن.
2. پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکالّ و سەرچاوەکانی ئاو و پێدانی زانیاری بە لیژنەی بەدواداچونی نوسینگە و کۆمپانیا کشتوکالّیەکان .
3. ئەو (قڕکەرو پەینی کیمیاوی) یانەی کە دەفرۆشرێـت دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێـت:

أ. ڕێگە پێدراو بێت لەلایەن وەزارەتی کشتوکالّ و سەرچاوەکانی ئاو وە پابەند بێت بە ڕێنماییەکانی هاوردەکردن و گواستنەوە .

ب. بە شێوازێکی زانستی و تەندروست کۆگا بکرێت کە نەبێتە هۆی پیس بوونی ژینــگە.
ج. تۆمار (سجل)ی پێویستی هەبێت لەگەڵ دانانی (تابلۆ) کە هەموو زانیاریەکانی تێدا تۆمار بکرێت
4. سەرپەرشتیاری هونەری هەبێت کە ئەندازیارێکی کشتوکاڵی پسپۆڕ بێت یان ڕابەری کشتوکاڵی بێت کە دەرچووی پەیمانگا یان ئامادەیی کشتوکاڵی بێت وە مۆلەت پێدراو بێت لەلایەن سەندیکای کشتوکاڵی خۆیان لە کوردستان وەکارکردنی بەپێی گرێبەستی پەسندکراو لەلایەن دادنووس ئەنجام بدرێت .
5. دەبێت هێمای ترسناکی و جگەرە نەکێشان لەسەر ڕووی دەرەوەی شوێنی فرۆشتن هەبێت.
6. دەبێت لەکۆگا(دەستشۆرو ئاگر کوژێنەرەوە و هەواکێش و جل و بەرگی تایبەت بە کرێکارەکان) هەبێت.
7. پشتگیری شارەوانی پارێزگا یان شارو شارۆچـکەکانی هەبێت کە مەرجەکانی شارەوانی تێدابێت .
8. پشتگیری فەرمانگەی تەندروستی پارێزگا / هۆبەی چاودێری و دەستەی ژینگەی هەرێم هەبێت کە مەرجەکانی تەندروستی تێدابێت بۆ پاراستنی تەندروستی گشتی .
9. پشتگیری باجی دەرامەتی هەبێت .
10.دەبێت نوسینگە و کۆمپانیای فرۆشتنی کەل و پەلی کشتوکاڵی بازرگانی بەو جۆرە دەرمان و تۆ و کودانە بکات کە ماوەی بەسەر چوونیان (3/2)ی ماوەکەی مابێت لە ڕۆژی کڕینی بەپێی مەنەفیست .
11.نوسینگە کشتوکاڵیەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان مۆڵەتی کارکردنیان پێ دەدرێت.

**ماددەی ( 2 ) : مەرجەکانی کردنەوەی نوسینگەی ڕاوێژکاری کشتوکاڵی :-**

1. دەبێت بڕوانامەی خاوەن داوا لە بکالوریوس کەمتر نەبێــت لە بواری کشتوکاڵ و خاوەن ئەزموون بێت کە خزمەتی فعلی لە (15) ساڵ کەمتر نەبێت لە کەرتی گشتی یان کەرتی تایبەت و نابێت لە دەزگای حکومی کاربکات بە هەمیشەیی یان گرێبەست لە کاتی پێشکەش کردنی داواکەی .
2. دەبێت نوسینگە ناوی هەبێت لەگەڵ دیــاریکردنی پسپۆڕیەکەی ( تایبەت یا گشتی ).

أ. ئەگەر تایبەت بوو لە یەکێك لە بوارەکان دەبێت بەخۆی یا کەسانی تر لەو نوسینگەیە کار بکەن کە پسپۆڕبن لەو بوارە .

ب. ئەگەر گشتی بوو ئەوا دەبێت كارمەندی پسپۆڕیەكانی پێویست لەو نوسینگەیە كاربكەن یا بەشێوەی گرێبەست لەگەڵیان یا لەگەڵ لایەنێكی زانستی مۆلەت پێدراو كە دیاری بكرێت .

ج. ئەو كەسانەی كاردەكەن بەپێی بەندی( أ ، ب ) لە بڕگەی (2)ی سەرەوە دەبێت هەمان مەرجی خاڵی (1) یەكەمیان تێدابێت.

3. نوسینگە دەبێت ، تاقیگەی هەبێت كەكارمەنـدی پسپۆڕكاری تێدا بكات بۆ شیكردنەوە و دەستنیشانكردن ( تحليل و تشخيص ) .

4. دەكرێت شوێنی نوسینگە لەسەنتەری (پارێزگا ، قەزا ، ناحیە ) دابمەزرێت.

5. دەبێت نوسینگە لە ژێر چاودێری وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو كار بكات .

ماددەی ( 3 ) : كار بەم ڕێنماییە دەكرێت لە ڕۆژی بلاّوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی وقايعی كوردستان.

**عبدالستار مجید قادر**

**وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**

---

**پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

**ژمارە :** 176/3/4 **لە** 2015/1/12

**بەیان**

پاڵپشت بەحوكمی ماددەی(8)ی لە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 1999 (یاسای بلاوكردنەوە لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی كوردستان) و لەبەر ئەوەی هەڵەیەك لە برگەی (یەكەم) لە بڕیاری ژمارە (31)ی ساڵی 2014 روویداوە.

**هەڵەكەش بەم شێوەیە :**

**یەكەم:** متماندان بە هەریەك لـەم بەڕێزانـەی خـوارەوە وەك ئەنـدامی ئەنجومـەنی كۆمسـیاران لـە كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسی.

**بۆیە بە پێویست زانرا بەم شێوەیە راست بكرێتەوە:**

**یەكەم:** هەڵبژاردنی هەریەك لـەم بەڕیزانـەی خـوارەوە وەك ئەنـدامی ئەنجومـەنی كۆمسـیاران لـە كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و ڕاپرسی.

**فخرالدین قادر عارف**

**سكرتێری پەرلەمانی كوردستان – عێراق**

---

**ئە نجومەنی وەزیران**

**ژمارە :** 299 **لە** 2015/1/14

**بـەیـان**